# نیچە، حەقیقەت و زانین

## (ڕەخنە لە حەقیقەتی ڕەها و زانستی مۆدێرن)



کیت ئەنسڵ پیەرسۆن

وەرگێڕانی: وریا ئەحمەد

پەیڤەکانی نیچە دەربارەی حەقیقەت(Truth)، شرۆڤەکارانی سەرگەردانکردووە. وی، بێپەروایيانە بانگەشەی ئەوە دەکات کە: ژیان، دەلالەت لە حەقیقەت ناکات، ئاخر دەشێت "هەڵە"ش بەشێک بێت لە پێویستییە حاشاهەڵنەگرەکانی ژیان(زانستی شاد، ١٢١ل)، حەقیقەتەکانی مرۆڤ، دەکرێت هەڵە مشتومڕهەڵنەگرەکانی وی بن و بەس(زانستی شاد، ل٢٦٥)، و ڕاستاندنی "ناحەقیقەت" وەک مەرجی ژیان، بەمانای خۆدانان لە سەرووی چاکە و خراپەوە دێت(ئەودیوی چاکە و خراپە، ل٤). زۆربەی شرۆڤەکاران لەئاست ئەم مەتەڵانەدا، کەمچیکڵدانن و ئارامیی خۆیان لەدەستدەدەن، ئاخر ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن فەیلەسووف تەنیا بە زمانی حەقیقەتێکی سادە لەمەڕ حەقیقەت بپەیڤێت. بۆ بەرگریکردن لە قۆشمەییەکەی نیچە __وەک هەمیشە ئەم قۆشمەیییە تیری تانەی ڕوو لە جدییەتێکی ڕەنگمردووە __ دەکرێت بگوترێت، کاری فەیلەسووف تێکدانی یەقینە توندوتۆڵەکان و دەستەویەخەبوونە دەگەڵ باوەڕەکانی ئێمەدا. نیچە پێیوایە، هیچ یەقینێک تۆکمەتر نییە لەو یەقینەی باوەڕمان بە حەقیقەتەوە گرێدرابێت.

"دەربارەی سۆزی حەقیقەت، ١٨٧٢"[1]، ناونیشانی یەکێک لە تێڕامانە بەراییەکانی نیچەیە لەمەڕ ئەم بابەتە. ناونیشانەکە، دەلالەتە لە پانتاییەکی حەقیقەت، کە نیچە لەچێوەی هەستوخوستەکانی ئێمە بۆ حەقیقەت، لێی نزیک دەبێتەوە(باوەڕمان بە حەقیقەت و تامەزرۆییمان بۆی). لە نوسینە بەراییەکانی ئەودا بەر ئاوها بانگەشەیەک دەکەوین: لەنێوان پێویستییمان بە حەقیقەت و حەوجەمان بە وەهم، کێشمەکێشێکی تراژیک لەئارادایە؛ پاڵنەری حەقیقەت لە ئێمەدا، ئەویدەم وەک ئەرکێکی بێمەرج ئەژماربکرێت، دەیسەلمێنێت هێزێکی پڕ زەبروزەنگ و توندوتیژە و دەتوانێت جیهان وێرانبکات؛ حەقیقەت کوشندەیە و دەکوژێت، ڕاستییەکەی خودی خۆی

[1] On the Pathos of Truth, 1872 (Über das Pathos der Wahrheit).

دەکوژێت ئەوی‌دەم کە تێدەگات بێخی لەسەر هەڵە داکوتاوە[2]؛ هەر چشتێکی چاک و جوان، وابەستەی وەهمە: "چاکە، وەک بنەوانێک کە گشت بۆچوونەکان لەسەری کۆکن و، وەک پێشمەرجی مانەوەی ڕەگەزی مرۆیی، داخوازییەکی ئیودێمۆنیزمانەیە[3]؛ و لەبەرانبەر ئەم

---

[2]. ڕوونە، نیچە حەقیقەت بە "ناحەقیقەت" دەزانێت و، وای نابینێت گوایە خەسڵەتی نەگۆڕ و جێگیر لەم جیهانەدا هەبن، بەڵکە گشت شتێک دەنێو شەپۆلانی بوون-بە(یان ببوون)"صەیرورە"دا لەگۆڕاندایە. بەدیوێکی تر، وی پێی‌وایە جیهان وێنەنوێنی حەقیقەتێکی بانسرووشتی نییە، ئاخر نیچە بە گووڕوتینەوە هرووژم دەکاتە سەر دوالیزمی ئایدیالیستەکان و، ئایدیای جیهانی بڵند و جیهانی نەوی یان ڕواڵەت و جەوهەر ڕەتدەکاتەوە. جیهانی نیچە، جیهانێکی تاقانە و یەکپارچەیە و لە گۆڕان و بوونبە و "صەیرورە"یەکی بەردەوامدایە، هاوکات "بوون" و "نەبوون"یشە و خودساز و خودوێرانکەریشە. دەی گەر ئاوهاییە، ئەم "ویستی حەقیقەت"ـە لەکوێندەرەوە هەڵقوڵاوە و ئادەمیزاد بۆچ دەخوازێ لەڕێگەی "زانین"ەوە دەستی بە "حەقیقەت"ێکی نەگۆڕ ڕابگات؟ "ویستی هێز"، ڕووی ڕاستەقینە و شیاوی فامکردنی جیهانەکەی نیچەیە، ئەم ویستە، چون دەزوولە بەنێو تانوپۆی جیهاندا وردچنراوە و لەگشت شوێنێ و تەنانەت لە پەیوەندیی نێوان دوو مرۆڤیشدا ئامادەییی هەیە. بەدیدی نیچە، ویستی زانین و هەردەوێڵبوون وەدووی زانیاریدا، پرۆسێسێکە شانی لەسەر "ویستی هێز" داهێڵاوە. کەواتە پاڵنەری زانین لەنێو بوونەوەرێکی چون ئادەمیزاددا، بریتییە لە سەپاندنی هەژموون بەسەر قەڵەمڕۆییەکی دیاریکراوی واقیع و پەرەپێدانی ڕەگەزی خۆی. هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئامانجی زانین، وەچنگخستنی حەقیقەتی ڕەها نییە لەپێناو خودی حەقیقەتدا، بەڵکە باسی هێز و سەپاندنی هەژموون لەگۆڕێدایە. نیچە وای دەبینێت، کە "حەقیقەت"، بریتییە لە صەیرورە و چون ڕووبارێکە، دەڕوات و شێوە دەگۆڕێت و جێگیریی و وەستان ناناسێت. واتا نیچەیش چون هیراکلیتۆس، حەقیقەت لە دۆخی گۆڕانی بەردەوامدا دەبینێت، کە ناواخنێکی نەگۆڕی نییە. لێرەدا شیاوە بپرسین، دەی بۆچ ئادەمیزاد لەڕێگەی زانینەوە ڕستێک "وێنا" و "ئایدیا"ی نێو زەینی خۆی بەسەر ڕووباری هەردەم شێوە گۆڕاوی وجوودا دەسەپێنێ و دەخوازێت جووڵەی ئەبەدیی جیهان لە لێکدانەوەیەکدا لەقاوبدات؟ بۆچ سەرتاپای میکانیزمی "زانین"، میکانیزمێکە بۆ سادەکردنەوەی جیهان، ئەویش نەک لەپێناو فامکردنی، بەڵکە لەپێناو لغاوکردنی؟ لەبەر تیرۆژی ڕووناکیی "ویستی هێز"دا، دەشێت بڵێین، پاڵنەر و حەوجەمان بە حەقیقەت، ڕەنگبێ هەڵقوڵاوی گیانی خودئەڤینی و خۆبەچەقبینینمان بێت. ئەوێ گیانێ وا لە دەروونی منداڵیماندا دەگوورێ و نەشونوما دەکات. منداڵ پێی‌وایە چەقی گشت چشتەکانە و دەبێ هەمووان بەدەوریدا هەڵسوورێن و پێداویستییەکانی دەستبەرکەن. ئەوی وا بەگوێرەی حەقیقەتەکانی خۆمان پێمان‌وایە چەقی گەردوونین و باوەڕمان و ئایینمان و نەتەوەمان، بێگەردترین و باڵاترینن، ماتەوزەیەکی کوشندەیە گەر بورووژێنرێ. ئەوە بۆیە لەپێناو سەلماندنی ئاوها حەقیقەتگەلێک بۆ خۆمان و بۆ ئەوانی تر، بە جیددییەتێکی تژی لە زەبروزەنگەوە دەکۆشین و باکمان نییە گەر جییهانیش وێران بکەین. هیچ نەتەوە یانژی ئایینێک لە دونیادا نییە، خۆبەخۆ بوێری ئەوە بکات بڵێ گشت ئەو کۆکوژی و کوشت‌وبڕ و قوربانیانەی وا بەباری هێناوە، لەپێناو ڕستێک وەهم بوون و بەس. ئاخر وەها ددانپێدانانێک، کوشندەیە و دەست لە ئەوکی خۆ گیرکردن و خۆخنکاندنە(خۆخەساندن بەمانا دەروونشیکارییەکەی). دۆکینشۆت ئەوی‌دەم ئەژنۆی دەشکێت و دەکەوێتە ئاوێلکە، کە تێدەگات یان تێیدەگەیەنن کۆی حەقیقەتەکانی تەنیا ڕستێک وەهم و خەیاڵپلاوی بوون(وەرگێڕ). سوود لەم دوو وتارە بینراوە: (حقیقت در نگاه نیچە از نظر هایدگر: مصطفی میرابی) و (مبحث اخلاق در آثار فریدریش نیچە: یزدان کیخسرو دولتیاري و روح الله محمدي، غر بشناسي بنيادي، پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنگي سال اول، شمارة دوم، پاییز و زمستان 1389 ، ص 69 95).

[3]. Eudemonism

ئیدێمۆنیزم: واتا باوەڕ بەوەی لە سیاقی خواستی ئەنجامدانی کاری چاک بۆ گەیشتن بە بەختەوەری، سۆراخی پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بکرێت. یانژی، بنەوانە ئاکارییەکان لەو کردە چاکانەوە هەڵگۆزرێن وا لەپێناو گەیشتن بە بەختەوەری ئەنجامدەدرێن. ڕوونتر بدوێین، خواست بۆ ئەنجامدانی کارێک، کە ئاکامەکەی خۆشبەختییە، خواستێکی ئەخلاقییە.

تێگەییشتنەدا جێکەوت بووە: چاکەی باڵا لە دووتوێی وەهمەکاندا پەنهانە[4]". نیچە، حەقیقەت بەمانای دەسەڵاتی بێقەیدومەرج وەردەگرێت و لەسەر هەمان بناغەیش وەبەر پرسیاری دەدات. کە لەمەڕ "هەڵە" دەپەیڤێ، لەسۆنگەی ئەوەوەیە پێیوایە هەڵەشەیی، بەشەکیی(جزئی) و ڕێژەیی، خەسڵەتە پێویستەکانی "زانین"ی ئێمەن. لە نوسراوەکانی دواییني خۆیدا، نیچە بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە گوایە کاتیگۆرییەکانی عەقڵ، دەرهاویشتەی پێویستییە بایۆلۆژییەکانی ئێمەن وەک ڕەگەزێک، بە نموونە پێویستییمان بە ئاساییش، ڕامکردنی ژینگەی دەوروبەر و درککردنی خێرا لەسەر بنەمای نیشانەکان(ویستی هێز، ل٥١٣). ئێمە بڕێکی دیاریکراوی واقیع، لەپێناو زاڵبوون بەسەریدا درکدەکەین؛ کەڵەکەبوونی ئەزموونەکان پرۆسێسێکە، لەڕێگەی یەکبەدوای‌یەکدا هاتنی ئیدراکە هەستەکییەکان و زانینی هەرشتێک وا جێگیر و شیاوی ئەندازەگرتنە، ڕوودەدات. مافی ئەوەمان نییە وەهای دابنێین، سوودی هەرشتێک کە بۆ پاراستنی ڕەگەزەیلی چون ئێمەومانان باشە، سەلمێنەری حەقیقەتبوونی ئەو شتەیە.

لە نوسینەکانی نیچەدا، حەقیقەت هیچ واتایەکی یەکپارچە و هەمەکیی نییە. دەمێ بیچمێکی ئۆنتۆلۆژییانە° وەخۆ دەگرێت و، گاهێ لەچێوەی زاراوەی ئەپستمۆلۆژییانە[5] بەیاندەکرێت، کە لەمەیاندا پرسی سەرەکیی ئەوەیە، داخۆ کاتیگۆرییەکانی هزری ئێمە لەگەڵ جیهاندا وێکدێنەوە، یان ئەم کاتیگۆرییانە سەرەتا توانای ئەوەمان پێ دەدەن جیهانێک بسازێنین و دواتر لە قاڵبی ئەزموونی ئەزموونداندا پەیوەندیی لەگەڵدا درووستبکەین. هەر لەبەر ئەمەیە، وی پێشنیار دەکات، ناکرێت کاتیگۆری و داوەرییەکانی هزرمان بە "ڕاست" بزانرێن، هەر بەڕاستیی دەشێت "درۆیینە" بن (ئەمە بەڕوونیی هەڵهێنجانێکی ئاڵۆزە). لە سۆنگەی ئۆنتۆلۆژییشەوە، کە ڕێگە دژوارەکەی بەردەم ناسینی خۆمانە، نیچە ڕایدەگەیەنێت، کوێری و ترسنۆکی، هەڵە و شاشن، نرخاندنی بەهای

---

[4]. ئەم گوتەیە، لە پەڕاوی یادداشتەکانی هاوین_پایزی ١٨٧٣، بەناوی "دەربارەی زووهدی حەقیقەت" وەرگیراوە. هەروەتر لەم سەرچاوەیەیش دەبینرێت: ( Unpublished Writings from the period of Unfashionable, translated by Richard T. Gray, Stanford University Press, 1995, pp 9_61)

5

کەسێک، بەستراوەتەوە بە حەقیقەتێکەوە، کە وی لەئاستیدا بوێری و خۆگری بنوێنێت. لە پرۆسێسی "مەعریفە" و "زانین"ماندا، تەنیا ئەوکات دەتوانین پێشبکەوین، لەئاست خۆماندا سەرسەختی و ڕژدی بنوێنین. نیچە باوەڕی بە ڕەوشێکە، ڕەنگبێ پێمانوابێ کاری نەکردەیە. لەلایەکەوە بەدەستهێنانی زانین و خۆناسین، بەناچاریی پرسی "حەقیقەت" وەک پێویستییەک دەخاتە ڕۆژڤەوە، لەلاکەی تر، ئەوی کە هەردەم لەنێو حەقیقەتدا بژین، کاری نەکردەیە و، حەقیقەت هەرگیز ناتوانێت تاقانە ئامرازی ژیان بێت. ئەوی وا ڕوونە ئەمەیە، حەقیقەت لەکن نیچە، بە هەرچەشنێک وەرگیرێت، بەدەرە لە بەزمی میتافیزیکی. ئەم بانگەشەیە، بەشێکە لە پابەندیی نیچە بە ئایدیای "ڕوانگەخوازی[6]"ـەوە. بە زمانێکی سادە، ئەمە ئایدیایەکە، وای بۆ دەچێ گوایە شتەکان بە تەنێ لەچێوەی ڕوانگە و ئاسۆی لێکدانەوەدا بوونیان هەیە. لە "ئەودیوی چاکە و خراپە، ل٣٤"دا، نیچە یەژێت، ژیان تەنیا لەسەر بنەمای "هەڵسەنگاندن و شێوازەکانی ڕوانگەخوازانە" دەلوێت (هەروەتر بڕواننە: زانستی شاد، ل٣٧٤).

لە بژاردە_گوتەی "سەرچاوەی زانین[7]"دا، تێدەگەین کە نیچە خەریکی خستنەڕووی شیکردنەوەیەکی پەرەسەندنانەی سەرهەڵدانی حەقیقەتە و، لەمەڕ ئەو بەهایەی وا بە حەقیقەتی دەبەخشین، ڕستێک پرسیاری نوێ دەورووژێنێت. ئێمە لەمرۆکەدا بە ڕەوشێک گەیشتووین، کە خودی "زانین" بووە بە بەشێک لە ژیان. ڕاستییەکەی، لە ڕێگوزەری گۆڕانی ژینی مرۆڤدا، دیاردەی خۆخەریککردن بە پرسی "حەقیقەت"ـەوە، درەنگ پەیدابوو، لەسۆنگەی ئەوەی کە بەرگەگرتنیشی بۆ ئادەمیزادەکان دژوار بوو، بۆیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە لاوازترین شێوازی

---

[6] perspectivism

ئەم چەمکە لەزمانی ئەڵمانیدا بە (Perspektivismus) هاتووە، بۆ هەوەڵینجار نیچە بەکاری هێنا. مەبەست لێی ئەوەیە، هەر دیدگا و بۆچوونێک لە ڕوانگە و سۆنگەیەکی تایبەتەوە هەڵقولاوە و مەبەستێکی تێدا پەنهانە، کەواتە هیچ دیدگایەک تەواو ڕاست و درووست نییە و ناتوانێت لافی ئەوە لێبدات کە جیهانی هەر بەو جۆرەی کە هەیە، فامکردووە(وەرگێڕ).

[7]. ئەو چەمکە ئەڵمانییەی نیچە بۆ "زانین"ی دەکاردەبات، بریتییە لە: "Erkenntnis". ئەم چەمکە بۆ هەرچ شتێک کە شیاوی ناسین و دووبارەناسینەوەیە و بەمجۆرە بۆ بابەتێکی _زانراو"das Bekannte"_ دەگۆڕێت، بەکاربراوە. سەبارەت بە بایەخی چەمکی "نەزانراو"(das unbekannte)یش، بڕواننە (زانستی شاد، ل٣٧٤).

"زانین" ئەژماردەکرا. بەڵام لەو داستانەی نیچە لەم بژاردە_گوتەیە خەریکی گێڕانەوەیەتی، هۆکاری ئەم بابەتە ئەوەیە، گوایە "ئاژەڵەمرۆڤ"[8] بەهۆی ئامێتەکردنی کۆمەڵەیەک لە "هەڵە بنچینەیەکان"[١٠]، کە وردە وردە بۆ کۆمەڵەیەک "پرەنسیپی مەزهەبی" گۆڕاون، لە بەشێکی مەزنی دیرۆکی پەرەسەندنی خۆیدا زیندووماوەتەوە و تەنانەت بەرەوپێشڤەچوونیشی بەخۆوە بینیوە، هەڵەگەلی چون ئەمە، کە گوایە شتەیلێک بوونیان هەیە، (بەدرێژاییی کات) نەگۆڕ و جێگیر دەمێننەوە و، ئەوەش کە گوایە ئا ئەم شتانە هەر هەمان ئەوانەن، وا ئێمە مەزەندەیاندەکەین.

لەو بڕگەیەی پاش بڕگەی ١١٠ی ***زانستی شاد*** دێت، نیچە شیکردنەوەیەکی نیمچەدارووینی بۆ سەرچاوە و گەشەسەندنی میتۆدە سەرەکییەکانی "تێفیکرین" دەخاتەڕوو. بەنموونە، ئەوەی وا توانیومانە هەردەم دەچێوەی "شوناس"[9]دا بهزرین، لە کێشمەکێش و ململانێی مانەوەدا بەسوود بووە، ئاخر ئەمە بەو مانایە دێت، کە دەکرێت شتەکانی دەوروبەر بناسرێنەوە و لەسەر بنەمای ئەمە، بەخێرایی کردار بنوێنرێت. ئەوی وا لە هەموولایەکەوە گۆڕانێکی بەردەوام ببینرێت، بۆ پەرەسەندنی هەموو جۆرەکانی گیانداران کارەساتبار دەبوو. هەروەک نیچە ئاماژەی بۆ دەکات: "بوونەوەرانێک خاوەنی نیگایەکی ورد و تیژ نەبوون، پێش ئەوانەیان دایەوە وا "شەپۆلدان و گۆڕان"یان لە گشت شتێکدا دەبینی."(زانستی شاد، ل١١١). ئەوی تا نها هێز و هەژموونی "زانین"ی یەکلاکردۆتەوە، حەقیقەتی زانین نییە وەک مەزەندەمان کردبوو، بەڵکو خەسڵەتی زانینە

[8]The human animal

[9]. "ئامێتەیەک لە هەڵە بنچینەیییەکان": یانژی دەکرێت بڵێین "ئیکسیری جادوویی هەڵە بنچینەیییەکان"، هێمایە بۆ خەرمانەیەک لە ئوستوورە، ئەفسانە، وەهم و خەیاڵپلاوی، مرۆڤە سەرەتاییەکان یانژی "ئاژەڵە مرۆڤ" لەمەڕ خۆیان و جیهانیان هۆنیوەتەوە. ئایدیاکانی نێو ئەم ئامێتەیە، لەگەڵ دیاردەکانی نێو جیهاندا وێک نایەنەوە و دەشێ بگوترێ سەرتاپا هەڵەن. وەلێ هەر ئەم ئامێتەیە، یانژی ئەم ئیکسیرە، مایەی نەشونوماکردنی مرۆڤایەتی بووە و لەگەڵ پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا، خۆیشی پەرەیسەندووە. لانیکەم هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرگەی پووچی و هەڵۆڵیی ژیان بگرێت. کەواتە پاساوی هەبوونی ئەم ئامێتەیە، مانەوەی مرۆڤە، نەوەک ئەوەی زادەی حەقیقەت یان خودی حەقیقەت بێت. ئەوە بۆیە مرۆڤیش نەک هەر لەئاست ماهییەتی چەوتی ئەم ئامێتەیە خۆی نەبان کردووە، بگرە کۆشاوە نەبادا ڕۆژێ پەردە دابکەوێ و ڕووی ڕاستیی بابەتەکە ئاشکرا ببێ، هەروەتر، ئەم ئامێتەیە دەبێت بە پرەنسیپی باوەڕی مرۆڤایەتی بە جیهانی بانسرووشتی. دانیال دێنیت، لە پەرتووکی (شکانی تەلیسم؛ ئایین وەک دیاردەیەکی سرووشتی)، هەمان بۆچوونی هەیە و پێی‌وایە، ئایین و سرووتە مەزهەبییەکان لە هێشتنەوەی گرۆ و دەستەگەلی مرۆیی لەسەر سەکۆی پڕ لەململانێی ژیان، ڕۆڵی مەزنیان وازیکردووە. هەر ئەمەش بووە بەخاڵی بەهێزی ئایینەکان و دەشێت وەک میکانیزمی جادوویی مانەوە و خۆگونجاندن و بەرگەگرتن ئەژماربکرێن(وەرگێڕ).

وەک پێشمەرجی ژیان. هەرکات "ژیان" و "زانین" لەگەڵ یەکدی نەسازێن و وێکنەیەنەوە، نکۆڵیکردن و گومان وەک نیشانەی شێتی ئەژمار کراون. هەنووکە ڕەوشێکی نوێ هاتووەتەئاراوە، تێیدا کنەوپشکنین بە دووی زانیندا و سەختکۆشی لەپێناو پرسی حەقیقەتدا، وەک پێویستییەکی بەهێز دادەنرێن. نیچە، بژاردە_گوتەکەی بەم بابەتە بە کۆتا دێنێت، گوایە ئەمڕۆکە بیرمەند "بوونەوەرێکە، لەناویدا پاڵنەری حەقیقەت و هەڵەکانی پارێزەری ژین، سەرقاڵی هەوەڵین جەنگی خۆیانن". ئاوها جەنگێک، دەمی ئێستا دەقەومێت، ئاخر پرۆسێسی سەختکۆشی و چنگەڕنێ بۆ پرسی حەقیقەتیش، خۆی وەک پارێزەی ژیان و گەشەپێدەری هەژموونی وی، پیشاندەدات. بۆ پتر چوونە پێشەوە لەمەڕ پرسی حەقیقەت، دەبێت تاقیکردنەوەیەک بێتە ئەنجامدان. ئەم تاقیکردنەوەیە، شێوازێکی نوێی "یەکانگیربوون"[10] دەبێت.

زاراوەی ئەڵمانیی "یەکانگیربوون"(einverleibung)، وەکوو هاوواتا ئینگلیزییەکەی، بەمانای پڕاوپڕی وشەکە، واتای خستنە نێو لەش(Leib) دەگەیەنێت. ئەم واژەیە، بێ هیچ تەمومژێک ئاماژە بە جەستەیەک(یان لەش و بەدەن)ێک دەکات، کە شتێک لەدەرەوەوە دەگرێتە خۆی (ئەو لەشە، یان ئەو جەستەیە، دەشێت فۆرمێکی سادەی ژیانی چون پرۆتۆپلازم[١٣]، یان جۆرێکی ئاڵۆزتری ئورگانیی چون خودی ئێمە، کۆمەڵگەیەک یان ڕەگەزێک بێت). بە دیدی نیچە، هەرچ شتێک کە بوونی هەیە، ئەگەر دەرهاویشتەی پرۆسێسەکانی پەرەسەندن بێت، لەهەناوی خۆیدا هەڵگری ماددەیەکی بێگانەیە. لەشەکان، بە فەراهەمکردنی کەوشەنێکی داخراو و جێگیر لەنێوان

---

[10] . لێرەدا چەمکی "شوناس" بەمانای ناسنامەی جێگیر و نەگۆڕی دیاردە و شتەکان بەکار هاتووە. بەنموونە، لەچێوەی لۆژیکی فەلسەفیی یۆنانییەکاندا، هەرکات "بەرد"ێک بتوانێ لە هەرچ ڕەوش و دۆخێکدا هەر بە "بەرد"ێتی بمێنێتەوە، بەچەشنێک کە بشێت وەک بەرد بناسرێت، ئەوا بەردبوون بەتەواوی خەسڵەتەکانییەوە، دەبێت بە شوناسی بەردەکە. کەواتە لێرەوە پرەنسیپێک بۆ ناسینەوەی شتەکان هەڵدەگۆزرێ. بەنموونە، پرەنسیپی "بەرد، بەردە"، بەمانای ئەوە دێت، بەرد، چەمکێکە لەنێو هەموو بزاڤە فیکرییە جۆراوجۆرەکان و گۆڕانکارییە ژینگەیییەکان، خودانی هەمان خەسڵەت و تایبەتمەندیی جێگیرە. کەواتە ئەم پرەنسیپە کۆمەک بە هەرچی زووتر ناسینەوەی دیاردە و شتەکان دەکات و کارئاسانی بۆ نواندنی پەرچەکرداری خێرا لەئاستیاندا دەکات. لەم سۆنگەوە دەشێت بگوترێ، شوناس یانژی ناسنامە، ڕستێک خەسڵەت و تایبەتمەندیی دیاردە و شتەکانە، کە نەگۆڕ و جێگیرین و ئەمەش بوار بۆ زووتر درککردن و ناسینەوەیان دەڕسکێنێت(وەگێڕ).

خۆیاندا یان لەنێوان ناوەوە و دەرەوە، پەرەناسێنن؛ خۆ گەر وا بووایە، ڕاستییەکەی هیچ شتێک پەرەینەدەسەند. ئەمە بەو مانایە دێت، لەشێک خودانی ناسنامەیەک نییە کە یەکجار بۆ هەمیشە جێگیر کرابێت، بەڵکوو خۆبەخۆ هێزی خۆگونجاندن و شێوەوەرگرتنی هەیە و دەتوانێ سەروبەر بیچمی خۆی بگۆڕێت (ئەمە پرسێکی نێو ژیانە، کە نیچە وەک "ویستی هێز" لەبەرچاوی دەگرێت و چون مەیل بۆ گووران و گەشەکردن لەنێو گشت بوونەوەرانی زیندوودا، تێی دەگات). ئاوها گۆڕانێک، لەمیانی پرۆسێسی هاوتاسازی و یەکانگیربووندا، دەڕسکێت. گشت لەشەکان ناچارن پرۆسێسی هاوتاسازی لە ڕێگەی گۆڕانەوە فێربین، ئاخر ئەوەی کە دەتوانرێت چ شتێک یان چ (خەسڵەتێک) وەربگیردرێت و چی نا، لە پەرەسەندندا نەهاتووە (ئەگەرچی بەڕوونی کێشمەکێش لەسەر هەژموون و خۆگونجان لەئارادایە). لەوەدا کە نازانین لەشێک دەتوانێت چی بکات، نیچە هاوڕای شۆپنهاوەرە (جینالۆژیای ئەخلاق ل٣، پەراوێز).

لە لایەنی حەقیقەتەوە، تاقیکردنەوەیەک نیچە دەخوازێت ئەنجامیبدات، مەبەست لێی، دۆزینەوەی شتەیلێکە کە لە پرۆسێسی فێربوونی ژیاندا بەشدارن. دابڵاندن و قووتدانی حەقیقەت، بەمانای ئاوێتەکردنی کۆمەڵەیەکی دیاریکراو یان ڕستێک ڕاستی نایەت؛ ئێمە دەبێت بەدرووستی بیر لە زنجیرە مەشقێک بکەینەوە، بەنموونە گومانگەرایی هەمیشەیی، هەڵپەساردنی باوەڕ، ڕاڕایی، هێشتنەوەی مەودا لەنێوان خود و بابەتی بەرباس و هەڵسەنگاندنی ورد و شتی تریش. مرۆڤەکان تا نها بە تەنێ ئەو هەڵانەیان پەستاوەتە ناو خۆیان یانژی هەڵیانلووشیوە، کە زادەی بوونێکی خۆگونجێنن. نیچە لە دووخاڵ وەڕزە: هەوەڵینیان، وا دەردەکەوێ "هەڵە" بۆ بوونی ئاژەڵییانەی ئێمەومانان پێویستییەکی سەرەکییە و ناتوانرێت بەسانایی بەسەریدا زاڵ ببین. دووهەمینیان، "حەقیقەت" بە شێوازێکی زاتی، چەمکێکی مرۆڤانەیە و، ئیدی ئاوها لە دەرەوەی ڕەوشی ژیانی مرۆییدا (مانەوە و گەشەکردن) هیچ مانایەکی نییە. نیچە هەڵوەستەی خۆی لەئاست "حەقیقەت"دا ڕووندەکاتەوە. لە نوسینەکانی ساڵی ١٨٨٧دا، کە وی شێوازێکی پرسیارئامێزانەی

تەواو نائاسایی و پەرێشانکەر بەکاردەبات، حەقیقەت لەچێوەی "دۆخێک" لە بوون و لە سیاقی "ویستی حقیقەت"دا، دێتە فامکردن (زانستی شاد، ل٣٠٧_٢٣). وی دێژێت، ئەم "ویست"ـە، وەک تاقیکردنەوەیەک بەر پرسیار و ڕەخنە دەدرێت.

لە پرسوجۆی سێهەمی ***جینالۆژیای ئەخلاق***دا، زانستەکانی مۆدێرن بە نوێترین و شکۆمەندترین دەرکەوتەی ئایدیایەک دەزانێ، کە بە باوەڕی وی، تاقانە ئایدیاڵێکە تا نها مرۆڤ دەستی پێ ڕاگەییشتووە و، جەنابیان کەڵکەڵەی ئەوەی لەسەردایە، بەر ڕێژنەی پرسیاری بدات. ئەوی وا نیچە زانستەکان بە شکۆمەندترین دەرکەوتەی ئەم ئایدیاڵە دەزانێ، بێبایەخ نییە. وی دێژێت، ناخوازێ ئەو چێژەی کرێکاران لە درووستکراوەکانی خۆیان بردوویانە، خراپ بکات و بگرە لەئاست کاری واندا خۆشنوودە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، باوەڕی وایە زانستەکان پنتێکن بۆ شاردنەوەی گشت جۆرەکانی "ناخۆشنوودی"، "کرمە خۆروکەکان" و "ویژدانی خراپ". (جینالۆژیای ئەخلاق، ل٣، ٢٣). چون وشەی ئەڵمانیی "Wissenschaft"ی هاوواتای زانست(کە بەتەنێ تایبەت نییە بە زانستە سرووشتییەکان)، نیچەیش ڕەخنەی خۆی بە تەنێ لەچێوەی زانستە سرووشتییەکاندا سنوردارناکات و، هەر چەشنە کارێکی ڕێسامەندی چێوەی زانین، وەبەر ڕەخنە دەدات. بۆ نموونە، لە بڕگەی ٢٦ی ***جینالۆژیای ئەخلاق***دا، مێژوونوسیی مۆدێرن بەنموونە دەهێنێتەوە و، لەو سۆنگەیەوە دژایەتیی دەکات، گوایە ئەم زانستە دەخوازێت ئاوێنەی واقیع بێت. زانستی مۆدێرن، ئەوە هیچ تیلۆلۆژیی (هەڵسەنگاندنی شتەکان لەسۆنگەی غایەت و ئامانجی کۆتاییان) بە هێند وەرناگرێت، بگرە وازیکردنی ڕۆڵی دادوەریش پەسەندناکات و زۆر خۆی بە ڕاستاندن یان نکۆڵیکردنەوە خەریکناکات و بە تەنێ بە خستنەڕوو و باسکردن دەستهەڵدەگرێت. نیچە دێژێت: "ئا ئەمە چەندە خۆپارێزانە؛ سەرووتر لەمەش، چەندە نێهیلیزمانەیە!"(جینالۆژیای ئەخلاق، ل٣، ٣٦). زانستەکانی مۆدێرن وەک "فەلسەفەی ڕەسەنی واقیع"، شەیدای خۆبوونن و لایان وایە دەتوانن "بەبێ خودا، بەبێ بانسرووشت و بەبێ

فەزیڵەتەکانی نکۆڵیکردن"، هەڵبکەن (هەمان، ل٢٣). لێ نیچە باوەڕی وایە، ئەوانەی لەسەر بنەمای ئەم هێڵە بەرگری لە زانستەکان دەکەن، بە تەنێ پەرە بە "چەقەچناویی پای مێزی چەلەحانێ" دەدەن و، ئەوانەی وا نها فوو بە شەیپووری "واقیع"دا دەکەن، وەک ئەوەی ئۆبێکتی زانین بێت، ڕاستییکەی "ژەنیارانێکی خراپن" و دەنگیان "لە قووڵاییەوە نایەت و، چاڵی ویژدانی زانستی، لە گەرووی ئەمانەوە ناپەیڤێ"(هەمان). بەڵام ئا ئەم "چاڵ"ـە چییە؟

زانست خودانی ئایدیاڵێکی لەخۆی باڵاتر نییە؛ بەنموونە ئایدیاڵی چون "تامەزرۆییی باوەڕێکی مەزن"، کە هەر نەبێ بۆ گەڕان بەدووی زانیندا، ئامانجێک و ویستێک بڕسکێنێت. زانست مل بۆ ڕاستاندنی ئەوە نادات، کە "زانین" بنەوانێکی پێویست و گەلەگ گرنگی لەنێو "لێکدانەوە"دا و ئەوی وا کرۆکی لێکدانەوەیە، هەیە. لەم بارەیەوە، نیچە لەمەڕ "سەپاندن، ڕێکخستن، کورتکردنەوە، قرتاندن، پڕکردن، داهێنان و لادان..." دەپەیڤێت. ئەو ڕاستییەی کە "زانین"ی ئێمەومانان وابەستەی هەڵبژاردنێکی ڕوانگەخوازانە و مەبەستگەرایانەیە، نابێت وەک تانەیەکی پەتی ببینرێت. نیچە کێشەی لەگەڵ زانستی مۆدێرندا هەیە، ئاخر وەها زانستێک لەوەدا کە گوایە سۆراخی زانین دەکات، هەر لەبنەڕەتەوە ڕاستگۆ نییە؛ ڕاستییەکەی زانست لە گشت ئەو شتانەی وا نیچە لەبناغەوە بە  لێکدانەوەیان دەزانێت، سوود وەردەگرێت. نیچە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە زانین بەبێ پێشگریمانە، وێنا ناکرێت. زانست، بۆ ئەوەی خاوەنی ئاراستەیەک بێت، حەوجەی بە فەلسەفەیەک یان بە جۆرە "باوەڕ"ێکە (جینالۆژیای ئەخلاق، ل٣، ٢٤). زانست، لەبری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆیدا، وای پێ باشە نکۆڵی لە خۆی بکات و، دواتر بوار دەدات لەخزمەتی دەسەڵاتی قۆناغدا بێت.

نیچە بۆ ڕەخنەی "ویستی حەقیقەت"، بانگهێشتماندەکات. ئەمە هەر بە تەنێ دەلالەت لە کردەیەکی نەرێنی ناکات. دەبێت وشەی "ڕەخنە"، بەمانایەکی تایبەت بژنەفین. (مانای ئەم وشەیە)، کەمتازۆر پەیوەندیی بە وێنای بەرایی کانت لەسەر "ڕەخنە" وەک تەقەلایەک بۆ

دیاریکردنی سنوور و چێوەکانی شتێک یان دیاردەیەکەوە، هەیە. دەشێت بڵێین زانست پێویستی بە پاساوێکە (هۆکاری ئۆنتۆلۆژییانەی وی چییە؟) لێ لێرەکانێ ناتوانرێت مەزەندەی ئەوە بکرێت کە لە بابەتی "حەقیقەت"دا، شتێکی ئاوهایی لەگۆڕێدایە. لەبری ئەمە، نیچە پێشنیاردەکات حەقیقەت وەک پرسێک ئەژماربکەین: "هەنگینێ کە باوەڕ بە خودای ئایدیاڵی زووهد نکۆڵی لێ کرا، پرسێکی نوێ سەرهەڵدەدات: پرسی بەهای حەقیقەت"(هەمان سەرچاوە). گیانی ئازاد، بەڕاستی ئازاد نییە، مەگەر ئەوەی زەرووورەتی خستنەژێر پرسیاری "باوەڕ بە حەقیقەت" فێرببێت و، ئەوەیش بزانێت کە چۆنچۆنی ئەم "باوەڕە" بەر ڕێژنەی پرسیار بدات. ئەوە بۆیە دێژێت نێهیلیست، دژەئەخلاق، یان دژەمەسیحبوون بەس نییە: هەموویان وەک ئایدیاڵخوازانی زانین دەمێننەوە، مەگەر ئەوەی بزانن چلۆن "ویستی حەقیقەت" بکێشنە پای پرسیارکردن و وەبەر ڕەخنەی بدەن.

پرسی "یەکانگیربوون" بەشێوەکی بایەخدار لە سیاقی وێنای نیچە بۆ "خۆناسین"، واتا فێربوونی چۆنییەتیی (خود_خۆشویستن)، ئامادەییی هەیە. گیانی ئازاد، گیانێکە، دەزانێت چۆنچۆنی "زانین" هەرسبکات و بە ڕجیمی زانین بژی. گیانێک وا نیچە چارەی ناوێت، گیانی سەنگین و کاهێڵە. ئەو گیانەی وا لەژێر باری سەنگینی زانین و بووندا داچەماوە و، حەوجەی بە جویین و هەرسکردنی گشت شتێک، دەرخەری خووخدەی بەرازانەیەتی. گیانی سەنگین، نازانێت چۆنچۆنی لەگەڵ زانیندا یەکانگیر ببێت، واتا نازانێت چۆناهی زانین هەرس و هاوسەنگ بکات. خودخۆشویستن وەک مرۆڤێکی مرۆک و فانی، کارێکی پێویستە: "دەبێت خودخۆشویستن فێربن __من ئاوها دەرس دادەدەم!__ بە ئەڤینێکی ساغلەم و درووست، بایی ئەوەی کە بتوانرێت لەکن خۆ داسەکنێی و سەرگەردان و هەردەوێڵ نەبی"(زەردەشت وای وت، "گیانی سەنگین"، ل٣). هونەری خودخۆشویستن، جوانترینی هونەرەکانە و ئاتاجی دلۆڤانی و ئارامگرتنە. نەک لەبەرئەوەی ژیان دژوار بێت، بەڵکو بۆ "مرۆڤە ئاژەڵ"، بەسەربردنی ژیان لەگەڵ خوددا مایەی ئازارە: وی

دەبێ فێربێت چلۆن ئەم هەموو مەیلە لێکدژە هاوسەنگبکات و ئەوی وا بەسەری دێت، واتا ئەزموونەکانی لەژیاندا، هەرس بکات.

نیچە لەو باوەڕەدایە، ویستنی حەقیقەت بەهەرچ نرخێک بووە، دەرخەری بەدسەلیقەیی و شێتۆکەیی تافی لاوییە. گیانی ئازاد بەفێربوونی وانەیەکی گرنگ، ئازادبووە: "لەژێر چەپۆکدا هێشنەوەی زانین"(دەجال، پێشەکی). لە پەیڤی دەستپێکی ***زانستی شاد***دا نیچە دێژێت، نابێت خوازیاری ئەوە بین، گشت شتێک بزانین و هەمووشتێک شەفاف ببینین. ئەرکێکی ئاڵۆز کە وی وەئەستۆی گیانێک وا خوازیاری ئازادییە، دەیخات، ڕووکەشبوونە، لێ بەهۆی "تینوتاوی قووڵبوون"ەوە. لەکۆتایی بژاردە_گوتەیەکی دووردودرێژ لە ***ئەودیوی چاکە و خراپە*** (ل٢٣٠)دا، نیچە دیوارێک لەبەردەم داروەستەی میتافیزیکدا هەڵدەچنێت، ئەوانەی وا بۆ ڕاوکردنی باڵندەی سەمەرە لە تەشقی ئاسمانی بێبندا، قۆڵی وەهمیان لێ هەڵماڵیوە، ڕاوچییانێک کە دەخوازن باڵندەی گیانی ئێمە، لەڕێگەی فێرکردنی ئەم وانەیەی گوایە بنەچەکی "ئاژەڵەمرۆڤ" لە بوونەوەرانی تری سرووشت جیاوازە و وی باڵاترە لە هەموویان، بەرەو جیهانێکی دیکە هەڵفرێنن. پاشان نیچە لە خۆی و خوێنەرانی دەپرسێت، ئەگەر زانین، تەنانەت لە قووڵترین و هەراوترین شێوەیدا، بەرەو ئەودیوی بێهوودەیی مرۆییانەمان نەبات، دەسا بۆچ مەینەت بخەینە بەر خۆمان و دووبارە مرۆڤ لەپای دەقی سرووشت دابنیشێنین، تاکو هێڵە خواروخێچەکانی لێکدانەوەی خۆپەرستانە و پڕخرۆش و ماناگەلی نەقشبەستووی ڕووی خووخدەی مرۆڤی(homonatura)ی بەرایی بسڕدرێتەوە؟ داخۆ ئەمە پرۆژەیەکی شێتانە نییە؟ بەدیدی نیچە، پرۆژەی "زانین"، ئەوە دێنێ لەپێناویدا ڕێی مەینەتی بۆ بکوترێ، ئاخر شێوازی فێربوونی ئێمەومانان دەگۆڕێت (ئەودیوی چاکە و خراپە، ل٢٣١). فەیلەسووف هەر فەراهەمهێنی خۆراکی هزر نییە، بەڵکو دەریشیدەخات هزر خودی خۆراکەکەیە و گیانیش، گەدەیەکە بۆ هەرسکردنی(ئەودیوی چاکە و خراپە، ل٢٣٠): "فێربوون مایەی گۆڕانی ئێمەومانانە؛ واتا کارێک دەکات کە هەرچ خوردوخۆراکێک بە تەنێ ئیشی

ئەوە نەبێت "زیندوو بمانهێڵێتەوە": ئەمە خاڵێکە فیزۆلۆژیستەکان فامی دەکەن"(ئەودیوی چاکە و خراپە ،٢٣١).